# هەزار ساڵ بێدەنگی




ڕەزا کەریم مجاور-بۆکان

ئەمە کەلێنێکە و بەرەو تاریکەسەلاتی هەزارەی بێدەنگیی لێدەدرێ... هەزارەیەک کە ئێمەی کورد، خۆمان و پێنووس و دەفتەر و پەڕاومان بێدەنگ بوو. هەزارەیەک کە ئێمە خەریکی خزمەت بە هەموو کەس و هەموو شتێک بووین جگە بە خۆمان.

ئەمە کەلێنێکە بۆ ئەوەی مێژوونووسانی کورد بەرەو ئەم ڕەهەندە هان بدرێن و لەم بوارەدا زیاتر تێکۆشن.

بۆچی هەزار ساڵ ؟ ئێمە ئەگەر ئەم زەمانی بێدەنگی‌یە لە سەردەمێکەوە بێنینە ئەژمار کە ئیسلام هاتە نێو کوردستانەوە و نووسەرانی کورد بە زمانی عەرەبی و فارسی‌دەری، دەستیان دایە قەڵەم و زمانی خۆیان کە پەهلەوی بوو خستە ئەولاوە، هەتا سەردەمی نووسینی کوردی بە دەستی « فەقێ‌تەیران» و « مەلای جزیری » و... دەوور و بەری هەزار ساڵە، هەڵبەت ئەگەر شێعرەکانی باباتاهیر لە بەرچاو نەگرین و هەر وەها ئەو کتێبەبێ‌سەروشوێنەش کە وادیارە لەبارەی" ئاو" و چۆنیەتی هەڵگوێزانی لە بن بیڤەوە بووە و لە ساڵی 241 ی کۆچی‌دا لە کوردی‌یەوە کراوە بە عەرەبی. دیارە بەر لە ئیسلامیش بەزمانی کوردیی‌پەهلەویی نووسراوەمان زۆر هەبووە. کاتێ کوردستان بەدەستی عەرەب داگیر دەکرێ، هەستیارێکی لێقەوماوی کورد بەمجۆرە هەستی خۆی دەردەبڕێ:

« هورمەزگان ڕمان، ئاتران کوژان هۆشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆرکار ئەرەب کردنا خاپوور گونانی پاڵە بشی شارەزوور

ژن و کەنیکان وەدیل بشینا        مێرد ئازا تلی ژ رووی هوێنا
ڕشێ زەردوشترە مانەنەو بێکەس        بزەیکا نەیکا هورمەز وە هوێچکەس»

ئەم شێعرە لە زمانی ئێستای هەورامـان زۆر نزیکـە و زۆربـەی وشـەکـانی بـەبـێ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ئەمڕۆکەش هەر کەڵکی لـێوەردەگـیرێ. مانـای شـێعرەکـەش بـە زاراوەی کرمانجیباشوور(سۆرانی) ئاوایە:

« ئاورگاکان(پەرسگاکان) کاول بوون، ئاگرەکان کووژانەوە
گەورەگەرەکان(سەرداران و سەرۆکان) خۆیان شاردەوە
زۆردارانی عەڕەب، خاپووریان کرد
گوندەکانی شار، هەتا شارەزوور
ژنان و کچان بە دیل بردران
پیاوانی ئازا خلتانی خوێن بوون
ڕێوشوێنی زەردەشت بێکەس مایەوە
هورمەز(ئەهوورامەزدە) بەزەیی بە کەسدا نەهات و ڕوحمی بە کەس نەکرد.»

کەوابوو ئەم زمانە نەک هەر لە سەرەتای ئیسلامدا، بەڵکوو بەر لە ئیـسلامیش پێـی نووسراوە، بەڵام کاتێ ئیسلام هاتووە، کوردەکان وەها تێیدا تواونەتەوە کـە خۆیـان لەبیر چۆتەوە، هەڵبەت زوڵموزۆری حکومەتـەکـانی داگیرکـەری ئـەو سـەردەمـەش بێگومان یارمەتی ئەم مەبەستەی داوە؛ تەنانەت فارسەکـانیش لـەم کۆسـتە بـێبـەش نەبوون، بەڵـام ئـەوان دوای دووسـەد ساڵ شوورەی بێدەنگییان تێکڕمـان، کەچی ئێمە هەزار ساڵی ڕەبەق خزاینە نێو ئەشکەوتی بێدەنگییەوە ؛ ئەمـەش لە کاتێکدا بوو کە ئێمە دەمانتوانی لە سەردەمـی حکوومـەتی پیـاوێکی وەک سەلاحەدیندا کارێکی بنەڕەتی بۆ زمان و زۆرشتی دیکـەی خۆمـان بکـەیـن و نەمانکرد.




تاقمێک لایانوایە کـە گـەلی کـورد هەتا ئەم چەندسەدەی دوایـی، ژیـانی خێڵاتی و گەرمێنوکوێستانیان بووە و ژیانی شارنشینییـان نـەبـووە؛ جـا لەبەر بارودۆخی تایبەتیی ئـەمجـۆرە ژیانـە، پێویـستێکیان بـە نووسـین و نووسراوە نەبووە و هەموو هـەسـت و بـیروڕای خۆیـان لـە چوارچێـوەی




بەیتوباو و بالۆرە و حەیران و لاوک و هۆرە و ستران و گۆرانی و سیاچەمانەدا دەربڕیوە کە لەگەڵ کەشوهەوای ژیانی خێڵاتی سازگارترە. دیارە ئەم بیروڕایە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی تاقمێکی زۆر لە کوردەکان، چەندهەزارساڵ بەر لە ئێستا، شارگەلێکی وەک هەولێر و هەگمەتانە و شارەکۆن(دەروبەری قەڵایچی بۆکان) و زێویەی سەقزیان دامەزراندووە، هەڵبەت هەر لەو سەردەمانەشدا تاقمێکی زۆر لە کوردەکان ژیانی خێڵاتییان بووە. "مەک داوڵ" دەڵێ:« ئەمە زۆر ڕوونە کە ژیانی شارنشینی و ناخێڵاتیی هەمیشە لە کوردەواریی هەبووە. لە سەدەی 21 ی بەر لە زاییندا، دەبینین کە سوومێرییەکان، بێوچان هەڵمەت دەبەنە سەر هەولێر و ئاگری تێبەردەدەن.»

زۆر سەیرە کە دەڵێن لە زمانی میدیاکان (مادەکان) هیچ شوێنەوارێک بەجێ نەماوە! ئەی چۆنە ئەو هەموو بەردەنووس و نووسراوەیە لە دەوڵەتەکانی بەر لە میدیا(وەک«مانا»کان کە لە موکریانی ئەمڕۆ ژیاون و بەردەنووسی قەڵایچی بۆکان و کێلەشینی پیرانشار کە ئەوان نووسیویانە هی 800 ساڵ بەرلە زایینە) و دوای میدیا( وەک هەخامەنشی) ماوەتەوە، کەچی لەوناوەدا زمان و ڕێنووسی میدیا بزر بووە!؟ ئەویش ئەگەر لەسەر ئەم بڕوایە بین کە میدیاکان باپیرانی کوردەکان بوون، چون ناوچەی زاگرۆز و مزۆپۆتامیا زیاتر لە شەستهەزار ساڵە کە ئاوەدانە و لەوانەشە هەر لە سەرەتای ژیانی ئادەمەوە ئاوەدان بوویێتەوە و دیارە یەکێ لە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کوردەکان بوون؛ وەک چۆن مێژووی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ 8000 ساڵ لەمەوبەر، دیارە دانیشتووانی هەولێریش هەتا هەبووە هەر کورد بوون. دوایەش کە کەشتییەکەی نۆح لەسەر چیای جوودی(گووتی) نیشتەوە کە ئێستاش لە کوردستانی باکوورە ؛ هەڵبەت "گووتی" نێوی هۆزێکیشە کە لەو ناوچەدا ژیاون و ئەوانیش ئەگەر کوردیش نەبووبێتن خزمایەتییەکی نزیکیان لەگەڵ کوردا بووە. "ڕۆمەن گیرشمەن"

دەڵێ:« گووتی‌یەکان لە دۆڵودەربەندەکانی کوردستان دەژیان و سـەرداری سـپاکەیـان ژنێک بوو...»

هێرۆدۆت دەڵێ:« بە گوێرەی یاسای دیاکۆ کەس نەیدەتـوانی ڕاسـتەوخـۆ لـەگـەڵ پاتشا بدوێ. کەسێ ئەگەر گلەیی‌وبناشتێکی هەبوایە دەینووسی و دەینارد بـۆ کۆشـکی فەرمانڕەوایی، لـەوێ وەڵـامیان دەنووسـی و بۆیـان دەنـاردەوە.» دەی کاتـێ ڕادەی نووسین بگاتە جێیەکی ئاوەها، چۆن دەبێ لە کۆشکی هەگمەتانە هیچ نووسراوەیەکـی مادی نەبینرێتەوە؟!

حەمەجەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ:« هەموو نووسەران لـەسـەر ئـەوە پێکـدێن کـە ئـەو کەسەی ئاماژەی بە سووتاندنی ئیبراهیمی پێغەمبـەر کـرد، کوردێـک بـوو بـەنـاوی" هەینوون" یان" هێزن" ؛ ئەم بوختانەی برایانی داگیرکەر دەبێتە بەڵگەیەک کە نەمرووود و ئیبراهیم و ئازار کورد بووبن و پایەتختەکەشی وەک خەڵکی سـاکار و نـەخوێنـدەواری ناوچەکە دەڵێن" گردی‌قەسرێ" بووە لە " کلکەی نەمرووود" کە بـە دوازنجـیرەی چیـای " ماکۆک" دەوترێت و لە نزیک "سەرکەپکان" دهکوژێتەوە.

نێوی زاگرۆزیش دەبێ لە نێوی(هۆزی زاگارتی= زاگارتیانس=زاگارتینـــز)ەوە وەرگیرابـێ کە ئەوانیش هەر دانیشتووی لەمێژینەی ئەم ناوچەیە بوون. لەوانەشە ئە م نێوە یۆنانی بێـت و لە نێوی"Zagreus"(خودای کرێتی)یەوە وەرگیرابـێ ؛ چـون دوای زاڵبـوونی ئـەسـکەنـدەر بەسەر ئێراندا، زۆربەی شوێنەکان نێوی یۆنانییان بەسەردا سەپا. دیـارە زمـانی یۆنـانیش کارێکی زۆری کردە سەر زمانی هەموو ناوچەکانی ئێران و بەتایبەت کوردەواریی.

"پیرنیا " دەڵێ: « کاتێ مادە ئارییایی‌یەکان کۆچیان کرد بۆ ڕۆژاوای ئێران، کاسـی‌یـە ئاریای‌یەکان زۆر لەمێژ بوو لەو ناوچەیە دەژیان.»

مستێر هۆڵ دەڵێ: «وشەی "ماندا" نێوێکی هاوبەشە لەنێـوان "میـدیا" و "سـیت" دا ؛ ئەمە دەسەلمێنێ کە ئەو هۆزانە هەموو لە یەک نەتەوە بوون و جیاوازیی زمان و ڕەگەز لەنێوان دەوڵەتی ئاراڕات و میدیا و مانا دا نەبووە.»

حەمەتەقی ڕاشدموحەسل دەڵێ:« مانا وماننا و ماندا هەموو هەر یەک وشـەن و بـە مانای "ماد" و"میدیا"ن، هەروەک چۆن لە فەرمانی "کوورش"دا، Manda بە "مـاد" مانـا کراوەتەوە، لە وجێگەدا کە دەڵێ: Umman Manda= هێز و لەشکەری ماد».

دیارە جیاوازیی ئاخاوتنی ئەم وشانە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی زاراوەی ناوچەکان، دەنا هەموو هەر بە یەک زمان دوواون، هەر وەک چـۆن ئێـستاکەش لـەنێـوان زاراوەی شارە کوردنشینەکاندا ـــ لە هەموو وڵاتانی دیکەی جیهـانیش ـــــ ئـەم جیـاوازی‌یـە دەبیندرێ ؛ بۆ وێنە: مەیان= مەییان= مەیدان/ مەنێ= مەننێ= مەندێ...

شتێکی کە بۆ مـن سـەیـرە ئـەوەیـە کـە دەڵـێن "داریـووش" شـای پارسـەکـان، بەردەنووسەکانی خۆی بە زمانی ئاشووری و ئیلامی و پارسی نووسیوە، ئـەویـش لـە جێگەیەکی وەک کرماشان و هەگمەتانە(هەمەدان) کە ناوەندی میدیاکان بـوون. جـا کـە وایە، ئەی خەڵکی ماد چلۆن لەم زمانانە تێگەیشتوون؟! هەر ئەم بابـەتـەیـە ئێحـسان

نووری هێناوەتە سەر ئەم بڕوایە کە دەڵێ: « ئەگەر بڵێین نووسـراوەکـانی بێـستوون، نەک بە زمانی پارسی بەڵکوو بە زمانی مادی نووسراون، زیاتر ڕێی تێدەچێ.» هەڵـبەت شتێکیتر دەتوانین بڵێین، ئەویش ئەوەیە کە زمانی پارسەکان و مادەکان زۆر لـە یـەک نزیک بووە و ئەو دوو هۆزە بە سانایی لە یەکتری دەگەیـشتن. وەک چـون "پیرنیـا" دە لێ: « بێگومان زمانی مادی و پارسی کەونارا خزمایەتییەکی زۆر نزیکیان بـووە و لــە سەردەمی "ئیسترابۆن" ـــ جۆگرافیناسی سەرەتای سەدەی یـەکـەمـی زایـینی ـــــ دا، مادەکان و پارسەکان بەباشی لە زمانی یەکتر دەگەیشتن.»

نۆڵدکە دەڵێ:« ئەگەر نووسراوەیەک لە پاتشاکانی ماد بدۆزرێتەوە، لە بواری زمان و ڕێنووسەوە دەبێ هەروەک نووسراوەی پارسەکان وابێ.»

پیرنیا هەروەها دەنووسێ: « ئەویستا بە زمانی مـادی نووسـراوە کـە هـەر زمـانی کوردەکانی ئێستایە.»

لە سەردەمی ساسانییەکاندا زمانی ڕەسمی و دەوڵەتیی "پـەهلـەوی" بـوو کـە لـە کوردی زۆر نزیک بوو. ئێحسان نووری لە قەولی سەردار" ناسر" ەوە (سەرۆکـی خێـڵی سەنجابی) دەگێڕێتەوە: « من لەلای عەبدوڵڵاخانی قۆچی کەلهوڕ نووسراوەیەکم دیتووە کە "شاربانووخاتوون" ی کچی یەزدگرد(یەزدکورد) بۆ باوکی نووسیبوو: بابو رویتا رش بە بوچی نامەی پیغمبرت پارە کردی» کە ئەگەر بە شێوەی نووسینی کوردیی ئـەمـڕۆی بنووسین بەم چەشنە دەبـێ: « بـابۆ ڕوویتـا ڕەش بـێ، بـۆچی نامـەی پێغـەمبـەرت پارەکردی؟»

دەبینین زمانی شاربانوو لەگەڵ زمانی کوردی ئەمسەردەمەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە. بڕوانن بۆ وێنەیەکی دیکەی زمانی پەهلەوی ساسانییەکان لە پـەڕاوی" کارنامـەی ئەردەشێری پاپەکان":

« ساسان شوپانی پاپەک بووت و هەمڤار ئەپاک گۆسپەندان بووت و ئەژ توخمەکـی دارایدارایان بووت و... ئەپاک کورتییانشوپان رەفت...»

یانی: « ساسان شوانی پاپەک بوو و هەمیشە لەتەک پـەزەکـان بـوو لـە تـوخمی دارایدارایان بوو و... لەتەک شوانانی کورد ڕۆییشت...»

بۆیە من بەو ئاکامەی خوارەوە و دابەشکردنێکی بەمچەشنە گەیشتووم:




دوکتۆر جەوادی مەشکوور دەڵێ: « لە ساڵـی 488 ی کـۆچیدا کـە ناسرخوسـرەو و قەترانی تـەورێـزی لـە تـەبیـنن، یـەکتـر ئـەبیـنن، خـەڵـکی ئـەو ناوچـەیـە بـە زمانی«پەهلەویئازەری» پێکەوە دەدووان، بەڵـام نووسـراوەکانیـان بـە فارسـیدەری دەنووسی؛ یانی زمانی دەری لە ئازەربایجان و کوردستان و مازەنـدەران وبلووچـستان

قسەی پێ نەدەکرا و هەر بۆ کاروباری نووسین کەڵکی لێوەدەگیرا.» ئەوەش دەزانـین کـە بەر لە ئیسلام بە ئازەربایجانیان دەگوت" ئاتـرۆپاتکان"، کـە ئـەم ئاترۆپانـە هـۆزێکی گەورەی کورد بوون کە لە سە ردەمی سەفەوییەکانەوە بەرەبەرە لە نێو تورکانی مریـدی شێخسەفیەدینی ئەردەبیلیدا توانەوە و داب و نـەریـتی خۆیـان لـەبـیر کـرد؛ خـەڵکی ئەمناوچە هەتا 400 ساڵ لەمەوبەر هەر بە ئازەری ئەدووان، تەنانەت من خۆم دۆسـتێکی تورکی ئەردەبیلیم هەبوو کە دەیگوت:« باپیری بابم کە زۆر پیرە و هەر مـاوە، ئێـستاش هەر بە کوردی قسە دەکا.» نەشیدەگوت ئازەری، دەیگوت کوردی.

غ. ئینـسافپوور دەنووسـێ:« سـەرەڕای ئـەوەی لـە سـەردەمـی هاتنـەسـەرکـاری سەفـەوییـەکـاندا، خـەڵکی ئـازەربایجـان بـە ئـازەری ئـەدووان و شائیـسماعیل و خزموکەسەکەشی فارس (هەڵبەت کورد بوون نەک فارس) بـوون، بـەڵـام شائیـسماعیل لەبەر ئەوەی دڵی ئەو حەوت هۆزە تورکەشێعەیە ڕاگرێ کە مریدی شێخسەفیەدین بوون و لە شەڕەکاندا یارمەتیی شێخحەیدەری بابیان دابوو، بە زمانی تـورکی دەسـتیکـرد بـە شێعرگوتن، دەنا هیچ کتێبێکـی مێژوویـی و بیرنامـەیـەک نـەینووسـیوە کـە بـەر لـە شائیسماعیل لە ئازەربایجان شێعری تورکی گوتراوە.»

کە وابوو دەبێ بڵێین گەلی کورد لە سەرەتای زاڵبـوونی دیـنی ئیـسلامدا بـە زمـانی عەرەبی و پاش چەند سەدە بە فارسیدەری نووسیویە و لە زمانی خۆی ـــ کە پـەهلـەوی بووە ـــ هەر بۆ وتووێژ کەڵکی وەرگرتووە.

فاڕووقی سەفیزادە دەڵێ:« زاراوەی هەورامی، زمانی شێعر و هەڵـبەسـتی وێـژەرانی ئێران بووە و شوێنی زمانی کوردیکەونارا(ئاوێستایی) و کوردیپەهلەوی بە سەرەوەیە.»

قەیسی ڕازی دەنووسێ:« خۆشترین گۆرانیی " فەهلەویات: پەهلەویات" ە کە پێیدەڵـێن "هەوای هەورامی"... ئەم هەوایەش هەوای گۆرانیی خەڵکەکی هەورامانی کوردستانە.»

«کە وابوو زاراوەی هەورامی کە نووسەرانی کـەونـارا پێیـان گوتـووە "پـەهلـەوی" و شێعرەکانیان نێوناوە "پەهلەویات" یەکێ لە زاراوەکۆنەکانی زمانی کوردیە.» (سەفیزادە)

لەو باسانەی کە کردمان، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە:

1.زمانی کوردەکان لە سەرەتادا، یان مادی بووە، یان ئەوەی کە زمانی مادەکـانی لـە خۆیدا تواندۆتەوە.

2.زمانی یۆنانیی دوای هێرشی ئەسکەندەر، لە سەر زمانی کوردەکان شوێنی داناوە.

3.لە سەردەمی ئەشکانییان و ساسانییاندا، زمانی پـەهلـەوی، زمـانی نووسـین و ئاخاوتنی کوردەکان بووە.

4.دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لە کوردەواری،زمانی نووسین بوو بە عەرەبی، بـەڵـام ئاخاوتنی خەڵکیی هەر بە زمانی پەهلەوی بوو، کە دیارە عە ڕەبیش شوێنی خـۆی لـە سەر دانا.

5.لە سەدەی پێنجەمی کۆچییدا، باباتاهێر، بە زمانێکی ناوچەیـی( کـە دیـارە لـە شوێندانانی عەرەبی لە سەر پەهلەوی پێکهاتبوو) چوارێنەکانی خۆی هۆنییەوە، هـەر

لەو سەردەمەدا ، خە ڵکی ڕۆژهەڵاتی ئێران بە فارسیدەری(دەرباری) ـــ کە ئەویش هـەر لە پەهلەوی وەرگیرابوو ـــ دەدووان کە بەرەبەرە وەک زمانێکی ڕەسمیـی ، جێگـەی بـە عەرەبی تەنگ دەکرد.

6.بزاڤی گەورەی نووسینی کوردی ، لە سەرەتای سەدەی شازدەی زایـینییـەوە بـە زاراوەی گۆرانی دەستی پێکرد و شوورەی بێدەنگیی بۆ هەمیشە ڕووخا...

ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ و من زیاتر لە سەری ناڕۆم؛ بەڵام ئەو بەڵـگانە هـە موو نوێنەری ئەوەن کە زمانی کوردی سەرەڕای ئەو هەمـوو کـەندوکۆسـپەمێژوویـی و ڕامیاریـیە ، بە هەموو هێزی خۆیەوە تا ئەمڕۆکە هاتووە و توانیویـەتی هـەتـا ئێـستا وەک زمانێکی زیندوو هەنگاوبەهەنگاوی زمـانی گـەلانی دراوسـێ و بگـرە چـاکتیش ، چەندین قۆناخی چەتوون تێپەڕێنێ و خوێنی ژیانێکی هەتاهەتایی لـە دەمـارەکـانیدا بگەڕێنێ و شاعیران و نووسەرانێکی وەک شـێرکۆ و سـوارە و پـەشـێو و شـێرزاد و... بخولقێنێ و بە جیهان بناسێنێ. ئێمە دەبێ زۆر شانازیی بکەین کە زمانەکەمـان یـەکـێ لەو "چەنددووجین" زمانەیە کە پێی دەنووسرێ و پێـی دەخوێنرێتـەوە. "ڕـ لارێـنس" دەڵێ:« تەنانەت ئەمڕۆکەش هەر تەنیا چەنددووجین (کەمتر لە سەد) لەو 6500 زمانەی کە تا ئێستا ناسراوە ، دەنووسرێن و دە خوێندرێنـەوە. زۆربـەی زمانـەکـان قـەت نـە نووسراون و نانووسرێن و هەر بۆ قسەکردن کەڵکیان لێوەردەگیرێ.»

***سەرچاوەکان (کوردی و فارسی):***


1.کوردستانی موکریان؛ حوزنی موکریانی

2.تاریخ مردوخ؛ محمد مردوخ

3.تاریخ ریشەی نژادی کرد؛ احسان نوری

4.کتیبەهای ایران باستان؛ م ـ ڕاشد محڵل

5تاریخ باستانی ایران؛ محمود هومن

6.کرد و پیوستگی تاریخی و نژادی او؛ رشید یاسمی

7.تاریخ تبار و زبان مردم اڕربایجان ؛ غ ـ انلافپور

8.تاریخ معالڕ کرد؛ مک داول؛ ترجمەی ابراهیم یونسی

9.ایران باستان؛ حسن پیرنیا

10.فەرمانڕەوایی موکریان؛ محەمەدجەمیل ڕۆژبەیانی

11.گۆواری ڕامان؛ ژمارەی 45

12.تاریخ فرهنگ و ادب مکریان بوکان؛ ابراهیم افخمی

13.ایران از اغاز تا اسلام؛ ڕۆمەن گیرشمەن؛ ترجمەی محمد معین

14.زبانشناسی؛ رابرت لارنس ترسک؛ ترجمەی حشمتاله سباغی